

هاشم سەڕاج

# پەڕینەوە لە تەم تومان و یادەورییەکانی هەریاد




«پەڕینەوە لە تەم تومان» ڕۆمانێکی قەبارە گەورەی سێ سەد و هەشتا و دوو لاپەڕەیە، «عوبێد مەجید» نووسیویەتی و لە بڵاوکراوەی ساڵی ٢٠٠٨ی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی- ئاراس-ە، لەم ڕۆمانەدا «منی نووسەر» لە ڕێگەی بەکاربردنی تەکنیکی گێڕانەوە و خوڵقاندنی جۆرێک لە دیالۆگی دوورودرێژ لە نێوان کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان درێژە بە کردەوەکانی چەمکی گێڕانەوە دەدات، بەڵام خودی ڕۆمان بەگشتی وەک ژانرێکی ئەدەبی لە ڕێگەی «منی نووسین»ەوە کردە




ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەنجام دەدرێت، منی نووسین ئەو هێزە ئیکسیری و مەعریفییەیە کە هەڵگری بەهرە و کۆمەڵێک دنیابینی جۆراوجۆرە و لە میان بەکاربردنی تەکنیکگەلێکی نووسین و زمانی ئاماژە و شێوازی بیرکردنەوەی کەسایەتییەکان و چۆنیەتی دەربڕینی حاڵەتە جیاجیاکان پانتاییەکی ئێستەتیکی بۆ خوێنەر ئامادە و فەراهەم دەکات، بەڵام عوبێد مەجید لەم ڕۆمانەیدا زۆرترین ئەرکی نووسینی بە منی نووسەر سپاردووە و کەمترینیشی بە منی نووسین، منی نووسین زۆرتر لە چرکە سێکسییەکانی -شەونم-ی کچی فەرهاد و-ئامینە -ی ژنە چکۆڵەی حاجی زەینەدیندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت، بە تایبەتی ئەو کاتانەی شەونمی شۆخوشەنگ دەورووژێت و دەیەوێت لەگەڵ چراخان - مینا- دەسبازی و لە شبازی بکات و ئاگری خرۆشاوی خۆی دامرکێنێت، یا ئەو دەمانەی ئامینە دەخرۆشێ و لەسەر یەک تەل دەڕازێتەوە و بە دزی لەگەڵ مامۆستاکەی قوتابخانەی گوند و «ئەمینی مەولود خوێن» سێکس دەکات، ئامینە ئافرەتێکی ئاگر گەرم و شەبەقییە و نزیکەی سی ساڵیش لە حاجی زەینەدینی مێردی بچوکترە، هەمیشە لە دەرفەتێک دەگەڕێت حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی دامرکێنێت، ئەم چەند دیمەنەی نێو ڕۆمانەکە زۆرتر لە ڕێگەی خرۆشانی دنیای لیبیدۆی منی نووسینەوە گوزارەیان لێ کراوە، بۆیە لێوانلێون لە چرکەی چەپێنراوی سێکسی و هێمای جۆراوجۆری وێنای زەینی، بەڵام بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە لە گێڕانەوە درێژدادڕ و پڕ تەفاسیلەکانی «هەریاد»ەوە سەرچاوە دەگرێت، یا گەمەی هەڵڕشتنی یادەوەرییەکانی منی نووسەرە و مەبەستی سەرەکیش پەڕینەوەیە لە کەش و هەوای تەم تومانئامێزی کۆمەڵگەیەک کە دەسەڵاتی داوونەریت وترادیسیۆنە دێرینەکان تێیدا سەرتاسەری جوانیەکانی ژیانی داگیر کردووە و کۆمەڵگەیەکی تژی لە توندوتیژی و نا دادپەروەری و دواکەوتووشی خوڵقاندووە، بۆیە کتێبی تەم تومان زۆرتر ئامانج و چالاکییەکانی خۆی لە بواری پرسی کۆمەڵایەتی و کایەی عەقڵگەرایدا دەدۆزێتەوە، و بە شێوەیەکی عەقڵانی و بەرنامەڕێژی لە کۆمەڵگەی کوردی دەکۆڵێتەوە و بە دوای یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێت، لە کۆمەڵگەیەک کە تا سەر ئێسقان نوقمی ستەم و نا دادپەروەرییە، پیاوانی کۆمەڵگە «هەر لە ناو بێشکەوە بە چاوی سووک و پڕ لە کەموکووڕی




سەیری مێینە دەکەن»، «پێیان وایە کە ژن عەقڵیان لە کۆشیانە کە هەڵسانەوە لێیان بەردەبێتەوە» پاشان هەریاد کە گێڕەوەری سەرەکی ڕووداوەکانە، تەنیا یەک جار لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت و یادەورییەکانی دەخاتە ڕوو، دوو جاریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی ماڵی فەرهاد و سەعادەدت دەکات جاری یەکەم دوای نیسکۆ و لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ١٩٧٥و جاری دووەمیش لە مانگی ئایاری ١٩٨٢، ئیتر بەهیچ شێوەیەک ناوی لە پرۆسەی نووسیندا نایەت، هاوکات ماڵی خانەوادەی فەرهاد بە سەعادەتی هاوسەری و شەونم و شەوبۆی کچی بە بەهێزترین وێستگەی پەروەردەکردن و گەشە و پێگەیاندنی کەسایەتی چراخان – مینا – دادەنرێت، هەڵبەتە کردەی نووسین لە تەم توماندا بە فەرامۆشکردنی ڕۆڵی هەستیارانەی منی نووسین، رەگەزەکانی خەیاڵ و خەون و فەنتازیاشی لە دەست داوە، بۆیە هەست دەکرێت منی نووسەر هەمیشە مانەندی کۆمەڵناسێکی موحافیزکار یا وەک یاساناس و سیاسەتمەدارێکی ناسیۆنالیستی خۆپارێز، تێکەڵ بە دنیای کەسایەتییەکان دەبێت و لە مەودای ئازادییەکانی بیرکردنەوە و رەفتار و هەڵسوکەوت و حەز و ئارەزووەکانیان کەم دەکاتەوە، ئەم حاڵەتەش زۆرتر لە کەسایەتییەکانی هەریەک لە بەختیار و چراخان و شاسوار و فریاددا... بەدی دەکرێت، وەک ئەوەی زۆربەی کەسایەتییەکان لە تاقیگەیەکی پەروەردەیی بە کۆمەڵێک وانەی مۆراڵی و کۆمەلایەتی پەروەردە بکرێت، کەچی ئەم حاڵەتە لە کەسایەتی هەریەک لە ئامینە و شەونم و زەهرا و فەریدەدا رەنگی نەداوەتەوە، چونکە ئەمانە زیاتر لە لایەنی منی نووسینەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پرۆسەی عەقڵگەرایی ناتوانێت لە ڕێگەی نووسینەوە چرکە ئیرۆتیکیی و وێنە و دیمەنە پۆرنۆگرافییەکان قۆرخ و کۆنترۆڵ بکات. لە لایەکی تر کردەی نووسین لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر قۆناغی جەنگی نێوان عێراق و ئێران کردووە و بەدووردرێژی لە مەینەت و کاولکاری دێهاتە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کێشەی نێوان حیزبە کوردییەکانی ئەو کاتەی کوردستانی باشوور دوواوە، بەڵام دەسپێکی ڕۆمانەکە لە گوندێکی بچووکی کوردستانی باشوورەوە بەردەوامی پێ دەدرێت تا دەگاتە ستۆکهۆڵم و ئینجا هەردوو کاراکتەری سەرەکی «چراخان و بەختیار» یا دوکتۆرەیەک و ماستەرێک لە زمانی ئینگلیزی لەگەڵ




مینای کۆرپەلەیان سەردانی هەمان گوند دەکەن، ئەو گوندەی کە تێیدا «دەروێش نەدیم» ئەو بوختانەی بۆ چراخان هەڵبەست و بەهۆی قاچاخچییەکانەوە ئاوارەی مەرز و دێهاتەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات کرا، بەلام منی نووسەر هەمیشە لە میان گێڕانەوە درێژخایەنەکانییەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەندێ جار بە وێنەی پەروەردەکارێکی خۆپارێز دەردەکەوێت و تێکرایی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری و لێ ناگەڕێت مەرزەکانی مۆراڵ ببەزێنن بە تایبەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و جوڵانەوەکانی «بەختیار و چراخان» زۆر جاریش مانەندی کۆمەڵناسێکی عەلمانی ڕەخنە لە داوونەریت و مۆراڵ وترادیسیۆن و ستەمی توندوتیژییەکەی وابەستەی کولتووری عەرەبی دەکات، نەخاسمە پێشێلکردنی مافی ئافرەت و سوکایەتی پێکردنی و یا ئەو توندوتیژییەی کە لە بەرامبەری دەنوێندرێت، بە هەمان شێوەش وەک سیاسەتمەدارێکی خۆپارێز و کۆمەڵناسێکی عەلمانی لە وێستگە جیاجیاکانی ژیانی چراخاندا ئامادەگی خۆی دەپارێزێت، ئەوە منی نووسەرە کە پێی وایە «فەرەیدون مورادی» چاوبازی لەگەڵ چراخان دەکات و چێژ لە جوانییەکەی وەردەگرێت و بە ڕۆشنبیرێکی رووبینیش پێناسەی دەکات، یا لە وێستگەی دووەمی پێگەیاندنی چرا، کە لە ژێر پەروەردە و ڕێنوێنییەکانی، ساجیدە نازری دایە، بۆیە هەست دەکەم پرۆسەی گێڕانەوە لەم نووسینەدا لە ژێر دەسەلاتە جۆراوجۆرەکانی عەقڵ و لۆجیکێکدا دەخولێتەوە و یادەوەرییەکان بە پانتایی عەقڵێکدا تێ دەپەڕن لێوانلێوە لە ڕێزلێنان و گەشبینی و لە قاڵبدانی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ئاکاری ئاسایی و سرووشتییەکان، بۆ نموونە عیشقی نێوان چراخان و بەختیار تا دوایین چرکەی نووسین مۆرکێکی خۆپارێز و فەرمی لە خۆدەگرێت، کەچی چراخان لە بنەڕەتدا ئەو کیژە خۆپارێزە نییە ئەو لە ژیانیدا بەر لەوەی دەروێش نەدیم دەستدرێژی بکاتە سەری و ئەویش خاکەناسێک بکێشێ بە سەریا، خەزی لە کوڕی کێخوای گوندی کردبوو، یا دووربەدوور تێی ڕادەما و زەردەخەنەی بۆ دەکرد،

ئەمە باوەڕن بۆ زەینەدینی گێڕاوەتەوە، چراخان لە وێستگەی یەکەمی ژیانیشیدا کە روو لە کرانەوەی زەینی و گەشە و پێگەیاندن دەکات مەبەستم ماڵی مامۆستا ئازاد و پەیمانە

لەوێش لە ژێر چاودێری شاسواری برای ڕێنوێنی دەکرێت، شـــاســـواریش هـەر بەهـۆی ئەم خـــانەوادەیە پەی بە دەردەسەرییەکانی ژیان و چارەنووسی وڵاتەکەی دەبات، لە ڕوویەکی ترەوە کردەی نووسین لەم کـتـێـبـەدا کـۆمـەڵێک ئیـدیۆم و دەسـتـەواژەی دەگمـەنی زمانـی لە شـوێنی خـۆی بەکار هێناوە و جۆرێک لە هێز و جوانی و پرشنگی زمانی و دنیابینییان بە تێکستەکە بەخشیوە، بە پێویستی دەزانم بەشێک لەم ئیدیۆم و دەستەواژانە بخەمە ڕوو، دڵم خـەتەرە دەکـات، دەڵێی تەکبیـرتان لێ کـردووە، ئەگـەر نەمـرم، ئەو دڕکە لە ژێر پێی نەدیم دەردەهێنم، ترێیەکە پێ گەیشتووە،




هیچ دڵ لە دڵ مـەدە، چی خـوا بیکا هەر ئەوە باشـە، دەبێ وەک گلێنـەی چاوانت بیپارێزی، دیارە خـوا منی خۆشدەوێ، قسـەکانی تۆ هەموو وەک نەخشی سـەر بەرد وایە، دەسـتی لە جـەرگی خـۆی ناوە، دەڵێن ئەمـڕۆ لە ئاسـمـانەوە کـچێکمـان بۆ بە دیاری هاتووە، کـوا لە کوێیە، مـاشـەڵا ئەو نەدیمە ناخێوێتە دڵم، وایان دەزانی بازاڕی ئەوانی شکاندووە، دەڵێی پەلیکە ئەو مـاڵە هەڵدەسـوڕێنێ، ئەوجا خۆ هێشـتا عەقڵی لە شێوەی جوانترە، شـەوقی لە هەمـووان بڕیوە، عەقڵی بەر لە جەسـتەی پێ دەگەیێ، بەڵام بەخوای وام لێ هاتووە کەریش بە حـەچـەم نـاڕوا، کـوڕانـی خـەڵکی دەسـتیـان بە کـچـەکـانم گـەرم بکەنەوە و پـاشـان ناویان بزڕێنن.

من وا بـە ژنایەتـی خـۆمــەوە ئاو پەڕیوەتە زارم، خـۆ بـە دوای هیچ کـچـێکەوە نـەبووی، بەدبەخت ئەو گـەوهەرە لە کـیس خـۆت مـەدە، خۆ تۆ پیـاوی، وا دیارە ئەمنی لە پێش چاو بووەتە بەراز، دیارە خـوا قـەڵەمی لێ دابوو، هەسـتی دەکرد شیر پەڕیوەتە مـەمکەکانی... هتد.

ئەمـە چەند تێبینییـەک بوو لە دوای خـوێندنەوەی ڕۆمـانی پەڕینەوە لە تەم تومـان لەلام گەڵاڵە بوون و بەم شێوەیە تۆمارم کردن دەکرێ ڕەخنەکارێک بێت و جیا لەم خوێندنەوەیە و بە شێوەیەکی جیاوازتر دەقەکە هەڵی بوەشێنێت و دەلالەتی تری لێ بخاتە ژێر خوێندنەوە من زیاتر لە کێشـەی نێـوان منی نووسـین و منـی نووسـەر دوواوم هـەست دەکەم ئەم دەقـە ڕیالیستیـە لە ژێر دەسـەڵاتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا نووسـراوە و خـودی گێڕەوەریش نەیتوانیوە خۆی لە دەسەڵاتی یادەوەرییەکان دەرباز بکات بۆیە خوێنەر هەمیشە هەست بە

دەنگێکی شاراوەی ڕاستەوخۆ دەکات لەمیان دەنگی یەکبەیەکی کەسایەتییەکانەوە دەردەکەوێت و ڕەخنەگەلێک ئاراستەی داوونەریت و ترادسیۆنە چەسپاو و جێگیرەکان دەکات و بە شێوەیەکی بەردەوامیش کێشەکانی زێد و نەتەوە و ماف و چارەنووسی کورد و کوردستان دەخاتە ژێر توێژینەوە و لە هۆکارە مێژووییەکان و پیلانەکانی وڵاتانی دەوروبەر دەکۆڵێتەوە کە چۆن لە دێرزەمانەوە هەوڵیان داوە بەهەر شێوەیەک بێت کێشە و ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بنێنەوە، ئەمە وەک بابەت و لایەنی فیکری ڕۆمانەکە، هەڵبەتە




هەردوو قارەمانەکەیش کە بریتین لە بەختیار و چراخان بە هەڵگری ئەم پەیامە نەتەوەییە دادەنرێن، نەخاسمە دوای ئاشنابوونیان بە جیهانی دەرەوە و کولتووری خۆرئاوایی و چەمکی شوناس و لایەنە بەهێز و تایبەتییەکانی کولتووری نەتەوایەتی، بەڵام ئەگەر لە هونەری ڕۆمانی ئەمڕۆ بڕوانین، هەست دەکەین خودی ژانری ڕۆمان لەم سەردەمەی ئێستای پۆستمۆدێرنە و جیهانگیرییەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی فەلسەفە و هەستی بوونگەرایی و هۆشمەندی ئێستەتیکی، سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان تێک بشکێنێت و بەهۆی پراکتیزەکردنی دیالۆگی سیمبۆلی و گێڕانەوەی کورتی لیریکی و میتافۆری شیعری و ئەبستراکتکردنی زەمەن و کەمکردنی ژمارەی کەسایەتی و وێنای فیکری و جیهانبینی جیاواز و بێلانەی کەسایەتی دانەر و خوڵقاندنی بنیاتێکی هونەری و دەلالی تێکستی ئاوێتەی ئەدەبی بەرهەم بێنێت، لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم پەڕینەوە لە تەم تومان کتێبێکە و گوزارە لە مەرگەساتی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی عێراق و ئاسەوارەکانی جەنگ و پەراگەندەبوونی خەڵکانی دێهاتەکانی سەر سنوورەکانی کوردستان دەکات و هاوکات لە بەسەرهات و گەشە و پێگەیاندنی کچێکی بەدبەخت دەدوێت کە لەلایەن خانەوادەیەکەوە بەهۆی تۆمەتی شەرەف و ئابڕوو هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت، کەچی خەڵکانێکی بە ویژدان فریای دەکەون و دەتوانێت لە ڕێگەی قوتابخانە و خوێندنەوەی کتێبی جۆربەجۆر و پێکەوەژیان و دڵداری و تێکەڵبوون بە ژیانی خەڵکانی تر پێ ڕابگا و وەک پزیشکێک لەگەڵ مێردەکەی بۆ هەمان گوندی باووباپیرانی بگەڕێتەوە یا بۆ ئەو گوندەی لەلایەن دەروێشێکەوە بوختانی بۆ هەڵبەسترابوو بە خانەوادەکەی شاد بێت...